


# یاداشتەکانم 6

لەتیف هەڵمەت

● هەر لەو ساڵانەی کۆتایی پەنجاکانو سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی رابردوودا، باوکم شەوان کە دەچوو بۆ ماڵی خزمو ناسیاوەکانمان لەناو شاری کفریدا هەندێ جار منی لەگەڵ خۆیدا دەبردو لەبیرمە هەندێ شەو خوالێخۆشبوو شێخ ئیسماعیلی شێخ سەعیدی ئاوایی بنەکەی خەپەکوێر کە خوشکەزای باوکم بوو تازە ماڵیان هاتبوو بۆ کفری کە دەبووین بەمیوانیان بەدەنگێکی زوڵاڵو کاریگەر، داستانی (رۆستەمو زۆراب، یا رۆستەمو برزۆ، یا مەنیجەو بیژەن، یا فەتحی قەڵای خەیبەر، یا شەڕی بەدرولحونەین، یا حەیدەرنامە، یا ئەمیر ئەرسەلانی) ئەخوێندەوەو بارودۆخێکی ئەفسانەییو جادوویی بە شەودانیشتنەکان دەداو جارجار دیدەنی ماڵی شێخ فەرەجی شێخ سەعیدی براگەورەیمان دەکردو وارێکدەکەوت ئەو شەوە ئەویش لەوێ دەبوو.. لەوێ دیسانەوە یەکێ لەو داستانانەی دەخوێندەوەو لەبیرمە جارێکیان لەگەڵ باوکمدا شەوێك دیدەنی ماڵی (سەید فەتحوڵا)مان کرد، لەوێش بەرێکەوت شێخ ئیسماعیل پەیدابوو، هەندێ کەس روویان لێناو ئەویش بەدەنگە خۆشەکەی داستانی (فەتحی قەڵای خەیبەر)ی بۆ خوێندینەوە. ئیتر کۆمەڵێ ماڵەخزمو ناسیاو بووینو بەوجۆرە شەوانی ژیانمان بەسەردەبردو لە رەمەزانانیشدا شەوانی لەیلەتولقەدر لە ماڵی ئێمە یاد ئەکرایەوەو چامەی -ئەلبوردیە- بەدەنگەوە دەخوێنرایەوەو دەبێ ئەوەشم لەبیرنەچێ شێخ ئیسماعیلو شێخ فەرەجی برای هەردووکیان لە سەنگەری کوردایەتیدا گیانی خۆیان لە سەرەتاکانی شۆڕشدا بەکوردستان بەخشی.

لەبیرمە ساڵانی 1961و 1962 ماڵمان نزیك بوو لە ماڵی برای بەرێزم کاك (عومەر حاجی حەسەن)ەوە، وابزانم ئەو دەمە ئەو لە یەکێتی قوتابیاندا سەرشانەمان بوو.. ئەو چەند ساڵێك.. دوو ساڵ سێ ساڵ لە من گەورەتربوو، کە زانی حەزم لە خوێندنەوەی کتێبە، چەند جارێك کتێبەکانی (ئەرسین لۆربینو شارلۆك هۆڵمز)ی بۆ هێنام؛ یەك دوو جاریش هەندێ لە کتێبەکانی جۆرجی زیدانو هەندێ ژمارەی گۆڤاری (ئەلئەهرام)ی میسری بۆئەوەی بیانخوێنمەوەو دوایی بیانگەڕێنمەوە بۆیو زۆر سوودم لەو کتێبانە دەدی لەو تەمەنەمداو دواتریش باشم لەبیرنەماوە وابزانم ساڵی 1963–1964 بوو کتێبخانەی گشتیی لە شاری کفری کرایەوەو کتێبێکی زۆری عەرەبیو ژمارەیەکی باش کتێبی کوردیشی تیادابوو.. من لەوێ هەندێ لە بەرهەمەکانی نەجیب مەحفوزو تەها حوسێنو بەلزاكو سەید قوتبو جەبران خەلیل جەبرانو میخائیل نەعیمەو تاگوورو ئەمیل زۆلاو مستەفا لوتفی مەنفەلوتیو مەحمود تەیمورو دیوانی ئەبولقاسم شابیو شەوقیو زەهاویو ئەحمەد رامیو کتێبێکی شەشسەد لاپەڕەیی بەناوی (دیوان ئەلئەرز ئەلموحتەلە)و دەیان ژمارەی گۆڤاری (الاداب)و (المعلم الجدید)و مێژووی ئەدەبی کوردی/سەجادديو یاداشتەکانی رەفیق حیلمیو فەرهەنگی مەهابادو دەیان کتێبی دی کوردیم خوێندەوەو ئەوسا بەرێوەبەری کتێبخانەکە کاك (بورهان مەلا خەلیل) بوو، کە ئێستا بەرێوەبەری کتێبخانەی کەرکوکەو دواتریش بەرێوەبەرێکی بۆ هات خەڵکی خورماتوو بوو، ناوی (صباح) بوو، بەتورکمانی قسەی دەکرد، بەڵام ئەویش وەکو کاك بورهان لاوێکی تێگەیشتوو بوو، جیاوازی نەدەکردو کتێبی کوردی یا عەرەبیمان بویستایە، بەبێ گیروگاز کتێبەکەی دەداینێ.. بەڕاستیش بۆ ئەو کاتە هەندێ کتێب کە داوامانەدەکرد هەندێ مەترسی تیابوو، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم هەرچەند چەند جارێك کتێبی نەجیب مەحفوزم خواست بەداخەوە هیچیان سەرنجیان رانەکێشامو نەمدەتوانی هیچ کتێبێکی تەواوکەمو سەیرە چۆن خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، بەڕای من هەر لەبەرئەوە بوو کە ئەڵقە لەگوێی پەیماننامەی کام دیڤیدی زایۆنی – ئەمریکی بوو.

لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردوواو دەتوانم بڵێم دەوروبەری ساڵانی 1966–1967، مامۆستا مەلا قادری زەنگەنە جارجار لەپاڵ دیواری دەرەوەی مزگەوتی حەنەفیو جارجاریش لە دوکانێکی بچکۆلەی یەك دوو مەتریدا لەناو بازاڕی –قەیسەری– کفریدا کتێبی کوردی دەفرۆشتو لەلای ئەو بۆ یەکەمجار دیوانی – مەولەوی– ساغکردنەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسم کڕیو پێی شاگەشکە بووم، چونکە راڤەی شیعرەکانی لە پەراوێزدا بەسۆرانی نووسیبوو.. تاکو رادەیەکی باش لێیتێدەگەیشتم.. هەروەها خۆیشم جارجار دەچووم لە بەغداو کەرکوكو هەولێر کتێبی عەرەبیو کوردیم دەکڕیو لەبیرمە لە هەولێر لەلای خوالێخۆشبوو (نووسەرو مێژوونووسو رۆژنامەوانی گەورە) گیوی موکریانی دیوانی نالیو حاجی قادری کۆییو ئەدیبو وەفاییو صافیو مصباحولدیوانی ئەدەبو جاهدو فڕی فڕی قەل فڕیو حیکایەتی چل تووتیو فەرهەنگی مەهابادو دیوانی دڵدارو شاعیرێکی دی وابزانم ناوی کانی بوو، یاخود ئەوە نازناوی بوو..هتد کڕی.. پیتەکانیان دەسچن بوو، زۆر ناخۆش بوو، بەڵام هەر سوودی زۆریان هەبوو بۆم.. با ئەوەش بڵێم بەهۆی گۆرانی ست فاتیمەوە کە عەلی مەردان دەیگوت ناوی (هەردی)م بیستبوو، رۆژێ چووم بۆ دوکانەکەی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین

عەسری لە بازاڕی حەلواچییەکان، دە دوازدە کتێبی کوردیم کڕی، یەکێکیان دیوانی –ڕازی تەنیایی– هەردی بوو بە (25)بیستوپێنج فلسییەکی ئەوکاتە لێمکڕیو لە خۆشیدا حەزمەدەکرد هەزار باڵم لێ پەیدا بێو زوو بەرەو کفری هەڵبفڕم.. شایانی باسە لە هیچ شوێنێك هیچ دیوانێکی گۆرانم بۆ کڕین دەستنەکەوت، تاکو ساڵی 1969 ڕێگام کەوتە سلێمانیو –سروشتو دەروون–م لەپاڵ دیواری پۆستەخانەی ئەو سەردەمەدا لەلای کتێبفرۆشێك کڕی، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم لە ساڵی (وابزانم 1967دا) بوو دیوانی (بەهەشتو یادگار)ی گۆرانم لە برای بەڕێزم مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کە خوێندکار بوو لەگەڵما لە خوێندنگای ئامادەیی کفری بۆ خوێندنەوە وەرگرتو ئەوساو بەدیدی خوێندنەوەی ئەو کاتەم دیوانەکەم بەدڵ نەبوو، بەقەڵەمی دار گەلێ تێبینیم لەسەر نووسی، کە بوو بەمایەی هەڵگیرسانی گەلێ مشتومڕی ڕۆشنبیری لەنێوان هەردووکمانو ئەو برادەرانەی دیمانەدا کە گروپێکی ڕۆشنبیریو شیعریمان پێکهێنابوو لە خوێندنگای ئامادەیی کفریو لەناو خوێندنگاکەو لە دەرەوەی خوێندنگاکەشدا هەمیشە باسی ڕۆشنبیریو شیعرو تەوژمە نوێگەرییەکانی شیعرو ڕۆشنبیری عەرەبیو جیهانیمان دەکردو لە دەرەوە جارجار لە چاخانەکەی کەمال چایچی دادەنیشتینو زیاتریش لە چاخانەکەی مەلا مەحمود، چونکە پاسەکەی بەڕێز حاجی حەسەن کە هاتوچۆی کەلارو شاکەلو دێبنەو هەتەی دەکرد لەوێدا ڕادەوەستاو ئەنوەر شێخ محەمەد شاکەلیو ئەحمەد شاکەلیو ئەمجەد شاکەلیو خوالێخۆشبوو ئەنوەر شێخ ئەحمەد شاکەلی حەزیان دەکرد نزیکی پاسەکە بن، چونکە گەلێ جار لە ڕێگای ئەو پاسەوە نامەو دیارییان لە گوندەکانیانەوە بۆ دەهاتو هەندێ جاریش خۆیان لە ڕێگای پاسەکەی حاجی حەسەنەوە نامەیان بۆ کەسوکاریان دەناردەوە.. دانیشتنەکانمان لە هاوینانەدا خۆشتردەبوون، کاتێ ئەو برادەرانە بەمیوانی بۆ کڕینی شتی پێویست لە گوندەوە سەریان لە کفری دەدا..

دەبێ من دان بەوەدا بنێم کە من ئەو ساڵانە هەر کتێبێکی باشم بکڕیبایە نەمدەدایە هیچ برادەرێکم بیخوێنێتەوەو ئێستاش نامەیەکی هاوڕێی بەڕێزم کاك ئەحمەد شاکەلیم لەلایە کە چەندین ساڵ دوای ئەو وەختە لە خانەی مامۆستایانی کەرکوکەوە بۆی ناردووم تیایدا دەڵێ: ئایا هەروەکو جاران کتێبە باشەکانت لە برادەرانت دەشاریتەوەو تەنها بۆ خۆتی قۆرخ دەکەی.. جگە لەوەش ئەحمەد شاکەلی لەو ساڵانەدا حەزیدەکرد بەپیتی لاتینی بنووسێو لە نامەیەکیدا کە لە خانەی مامۆستایانەوە لە کەرکوك بۆی ناردوم، چەند بڕگەیەکی بەپیتی لاتینی نووسیوەو باسی ئەوە دەکات کە باشتروایە بەپیتی لاتینی بنووسینو من ئەم نامانەو دەیان نامەی دی ئەحمەد شاکەلیو برادەرانی دی گروپەکەمان کە لە ساڵانی شەستی سەدەی رابردوودا بۆیان ناردومو باسی نوێگەریو نوێکاری شیعریو ڕۆشنبیری جیهانیمان تیادا کردووەو ئەوەمان تیادا خستووەتەڕوو کە پێویستە شۆڕشێك لە شیعری کوردییدا بەرپابکرێ.. پاراستووەو هەموو ئەو نامانە ئەگەر بوار بوو لە پاشکۆی ئەم بیرەوەرییانەدا بڵاودەکەمەوە..

نابێ ئەوەشم لەبیر بچێ کە ئەو ساڵانە من بەناوی ( شێخ لەتیف شێخ مەحمود بەرزنجی)و (جالینۆس)و (شاعیری گەورەی کوردو کوردستان)ەوە، نامەو شیعرم دەنووسیو لە ساڵی کۆتایی شەستەکاندا نازناوی (هەڵمەت)م بۆ خۆم بەیەکجاری هەڵبژارد.

هەروەها لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە گوێگرێکی باشی ڕادیۆی کوردی کرماشان بوومو تینووی ئەو بەرنامە شیعرییانە بووم کە مامۆستای بەڕێز شوکروڵڵای بابان پێشکەشی دەکردو گوێشم لە بەرنامەی (چیرۆکی شەو)ی ئەو ڕادیۆیە دەگرتو هەندێ لە گۆرانییەکانی ئەو ڕادیۆیەش کاریگەرییان لەسەر هەستو نەستم هەبوو، دەروونیان دەوروژاندمو چێژێکی تایبەتیان دەدامێ.. وەك گۆرانی (شیرین تەشی دەڕێسێ)و (هێند نەخۆشی دەردی دووریم)ی هونەرمەندی گەورەو داهێنەری کورد مەزهەری خالقیو هەندێ لە گۆرانییەکانی برایانی زیزیو هونەرمەندی نەمر مامۆستا عەلی مەردان، بەتایبەتی گۆرانی (گوڵەباخ.. گوڵەباخ) کە لەو ڕادیۆیەوە واتا ڕادیۆی کوردی کرماشانەوە زۆر پەخشدەکرا.. هەروەها لەو ساڵانەدا گوێم لە ڕادیۆی پەیکی ئێران دەگرتو هەندێ لە هەواڵو دەنگوباسەکانی کاریگەرییان لەسەر هەستو سۆزی ئەو ساڵانەی تەمەنم هەبوو..

لە ساڵی 1967 یاخود 1968دا بوو فاڵچییەك لە بەردەرگاکەماندا کتێبی بۆ گرتمەوەو پێیگوتم تۆ دەبیتە کەسێکی ناسراوو تەمەنت لە هەشتا ساڵ سەردەکا.. من نازانم ئێستا کەسێکی ناسراوم یان نا، بەڵام وا چاوەڕوانم تەمەنم بگات بە هەشتا، بەڵام ئەو هەشتایەی کە شاعیری گەورە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەبارەیەوە دەڵێ:

عومرم گەیی بە هەشتا
کێرم بەکارە هێشتا

ئەگینا ئەگەر وانەبێ عومری زۆرو درێژ بۆچی باشە.. چ تامو لەزەتێکی هەیە..

یەکەم کۆڕی شیعر کە سازمکرد بەرێکەوت بوو، لە ماڵی پێشمەرگەی دێرین کاك ئەحمەد کەلاری سازمکرد.. لەبیرمە بەئیشێك ڕێگام کەوتە کەلارو بووم بەمیوانی ماڵی مامۆستا حسێن کە زۆرجار دەهات بۆ کفریو یەکدیمان دەبینیو دەمەتەقێی ڕۆشنبیریمان دەکردو باسی شیعری کوردییمان دەکرد.. ئێوارە بۆ نانخواردن کاك ئەحمەد کەلاری برای مامۆستا حسێن هەردووکمانی بۆ دیوەخانەکەی خۆی بانگهێشتکردو لەوێ دوای نانخواردن کاك حسێن بەکاك ئەحمەدی برایو میوانەکانی گوت: ئەم برادەرە شاعیرەو، شاعیرێکی لاوی بەتوانایەو شیعری زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە.. ئەو شەوە چەند پێشمەرگەیەك میوانی ماڵی کاك ئەحمەد کەلاری بوونو یەکێکیان برای بەڕێزم کاك (حسێن ئیبراهیم) بوو، کە خەڵکی قەڵادزێ بوو، من شێوەو ڕەنگیم لەبیرچوبۆوە، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم مامۆستا (جەمال محەمەد ئیسماعیل)دا بوو کە یەکدیمان بینی، گوتی: من تۆ دەناسمو فلان شەو لە ساڵی ئەوەندەدا لە ماڵی کاك ئەحمەد کەلاری یەکدیمان ناسی.. هەروەها ئەو شەوە کۆمەڵێ مامۆستای کوردو عەرەب میوانی کاك ئەحمەد بوونو یەکێکیان مامۆستا (کەمال فارس) بوو کە خەڵکی کفرییە، هەموویان ڕووی شیعرخوێندنەوەیان لێنامو منیش دە دوازدە شیعرم بۆ خوێندنەوە، لەوانە: شیعری (بۆ کچێکی ڕێڕەوی جوان)و (لە هۆڵی سینەمادا)و (پەیکەرێك لە پشکۆ)و (هەڵبەستێکی جوان)و (لە سەنگەری ژیانا)و (لە باوڵێکی کلیلی ونبوودا)و (لقی هەتاو)و..هتد، دواییش ماوەیەك دەمەتەقێمان لەسەر شیعرەکان کردو مامۆستایەکی عەرەب گوتی: من کوردی نازانم، بەڵام مۆسیقای شیعرەکانت زۆر جوان بوو.. شیعرەکانیشت زۆر خۆش خوێندەوە.